

هەردی مەهدی میکە

# هیچی هیچ و خۆکوشتن

● ئەوانەی لەدوای دوو جەنگی جیهانییەوە یاخیدەبن و تا قووڵایی قووڵاییەکان بێهودەدەبن بە ژیان، لەوەوەیە کە بۆچی خودا لایەك لەم دنیایە ناکاتەوە کە دروستیکردوە، مرۆڤ مرۆڤی قڕکردو "خودا" نایەتە دەنگ، بەڵام یاخیبوونی ئێمەو بێئومێدیو توڕەییو جنێوو ئازارەکانمان لەوەدایە؛ بۆچی دەسەڵاتی کوردیمان دروستکردو ئەمڕۆ تەنها ئازار لە سێبەریدا دەچنینەوە؟! هەموو یەکپارچە بیر لەوە دەکەینەوە.

دایکم دەستلەسەرئەژنۆ دادەنیشتو دەچوو بە خەیاڵداو لێمدەپرسی؛ بیر لە چی دەکەیتەوە؟! ئەو دەیوت "هیچ"، هەر ئەم "هیچ"ەش بوو وایکرد ئەلبێر کامۆ بکاتە فەیلەسوفی "پوچی"، ئەم بیرکردنەوەیە بەسەر هەموومان‌دا هاتووەو بیرمان لە "هیچ" کردووەتەوە، بەڵام لەمڕۆی وڵاتەکەی مندا "هیچێکی تر" هەیە کە هەموومانی وێرانکردووەو وێرانتریشی دەکات، ئەوە نییە هەموومان لەبەر هیچوپوچی ژیانی مەملەکەت هەڵدێین و سیاسەتی "تەنها لێرە مەبە لە هەر شوێنێك دەبیت لێرە باشترە" گرتووەتەبەر، ئەوەشی ناچێتەدەر، ئەوا دەمێکە ژیان کوشتوویەتی یان راستر دەسەڵات کوشتوویەتی، لەبەرئەوە ژیانی ئێمە بووەتە دوو جار "هیچ" لە نەتوانیندا، لەوەش زیاتر خەریکە "خۆکوشتن" دەبێتە دەروازەیەکی تری هەڵهاتن، تەنها لە مانگێکدا لە هەڵەبجە دوو گەنج خۆیان کوشت، چ کارەساتێکە ژینگەیەك خۆکوشتن بەرهەمبهێنێت؟! ئیتر لێرەدا دەبێت بوەستین، دەبێت ئێمەو دەسەڵات پێکەوە لەم پرسە تازەیە رامێنین.

هیچی ئاساییو پوچگەرایی فەیلەسوفەکان، بیرکردنەوەیە لە کۆتاییو قووڵی ژیان لە کۆتاییەکەیدا، بەڵام هیچی گەنجانو جەماوەری بێدەرەتانی ئێمە لەوەدایە بەر لەوەی رێگەی ژیان سەرەتاکانی ببڕین، هیچێکی نزیك دێتە پێشمان، بەر لەوەی ئەنجامی هەموو تواناکان بکاتە هیچ وەك ئەوەی "پوچگەراکان" بینای لەسەر دەکەن، ئێمە هیچمان لە توانادا نییە هیچ بکەین، هیچی ئێمە "نائومێدی"و "رەشبینی"یەکی قووڵە لە سەرەتای ساوایی ژیانماندایە نەك ئەنجامی ژیان کە سەراپای تەنیوین.

بۆ چەندساڵێکە ئەنجامی پوچیو هیچییەکانی دەسەڵاتمان لێوە دەرکەوتو دەرئەنجامەکەشی چەندین خۆپیشاندانو توڕەبوونو شکاندنی موقەدەسەکانی لێکەوتەوە، بەڵام دەسەڵات هەر نەهاتەوە هۆش خۆی، خەوێك نەك لە بێئاگاییدا، بەڵکو لەوەی نەیەوێت لەو خەوە خۆشە بەئاگابێت کە لە خەویدا هەموو گیرفانەکانی دنیای بڕیوەو لەسەر کەشکەلانی خەزێنەی جەماوەر دانیشتووەو لە دنیا دەخوات، ئەمە خەوی قووڵی دەسەڵاتو بەرپرسانە، بۆیە نایانەوێت لەو بەهەشتە بێنە خوارێ، چاك دەزانن تەنها تیلەچاوێکیش لە جەماوەر ببڕن، ئەوا دەبێت لەسەر حسابی خەوی پارەخواردنەکەیان بێت، چونکە ئەوەی جەماوەر دەیەوێت بریتییە لەوەی "ئەوەی لای ئەوانە، لێیان بسەنرێتەوە".

ئێمە بە نووسینی هێمنانەو مانگرتنو یاداشتەکانی پەرلەمانو حکومەت، هەموو رێگایەکمان تاقیکردەوە، (دەسەڵات) ئێوە هەر فەرامۆشتان کردینو نەتانکرد بۆ جارێکیش یاداشتێکمان بخوێننەوەو لایەك بە رووی خواستەکاندا بکەنەوە، کە توڕەش بووینو هاتینە سەر شەقام، تەقەتان لێکردینو لێتان کوشتینو ئەوەش کە مایەوە، بوویە خائینو گێرەشێوێنو بەکرێگیراو.

بۆیە بە دەسەڵات دەڵێین؛ گەر خۆپیشاندانمان نەکرد بۆ ئەمساڵ، ئەوا بەرپرسەکانو دەسەڵات شین بگێڕنو بگرین بەسەر پۆستەکانیاندا، چونکە ئەنجامنەدانی خۆپیشاندان لەوەوە نییە کە ئێوە لوتفتان نواندووەو خزمەتتان کردووین، نا بگرە لەوەدایە کە جاران خۆشەویستیمان هەبوو بۆ نیشتیمانو ئومێدمان هەبوو لە چاکسازی، بەڵام ئەمجارە بێئومێدیو دڵڕەقیی ئێوە گەشتە رادەیەك نەیەینە سەر شەقامو گەشتووینەتە دووڕیانی دوو هیچ کە ژیان لێرە نەمابێت، خۆ گەر شارەوانیو تەواوی مۆنۆمێنتو دەزگاکانمان سووتاندو رژاینە سەر شەقامو دنیامان تێکدا، ئەوا شایی بگێڕن، چونکە هێشتا بە ئومێدین بەم وڵاتە کە نەفەسێك مابێت بۆ گۆڕان.

لێرەوە لە ئازاری سەدان رۆحی برینداری ئەم وڵاتەوە کە بە ئازاری نیشتیمانێکی جوانەوە، تلانەوەو ئەنجامێکی هیچیان وەرگرتەوە، پێویست دەکات بە دەسەڵاتو خودا بڵێین "دۆستی دوێنی ئەی ئەوەی دەنگمان پێدایت، پەشیمانین لە خۆمان نەك لە تۆ، تۆش خودایە لێمان ببورە ئەمانەمان هەڵبژارد، ئێمە نەمانزانی تۆ فەرموتە ﴿هەر کەسێك گەندەڵییەك لە دنیادا بڵاوکاتەوە، وەك ئەوە وایە هەموو دنیای کوشتبێت﴾، ئێمە نەمانویست کەس بکوژینو پاڵپشتیی گەندەڵەکان بین، کەچی خۆیان نکوڵی لێناکەنو شانازیی پێوەدەکەن".